بەش: کۆمەڵناسی ئێواران

کۆلێژ: ئاداب

زانکۆ: زانکۆی سەلاحەددین

بابەت: چاکسازی تاوانباران

پەرتووکی کۆرس: ساڵی چوارەم/ کۆرسی دووەم

ناوی مامۆستا: م. ي. روستم صابر مصطفى

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣-٢٠٢٤

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | کۆرسی دووەم |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | م. ی. روستم صابر مصطفی |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | کۆمەڵناسی – ئاداب |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: rostam.mustafa@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٦٧٣٨٢٦ |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | بۆ نموونە تیۆری: ٢ |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا<br>٣ کاتژمێر بۆ هەر گرووپێك (دوو گرووپن)+توێژینەوە= ١٠ |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | ✓ روستم صابر مصطفی.<br>✓ لە دایکبووی ١٩٧٩<br>✓ بەشداریکردن لە خولەکانی ئینگلیزی لە سەنتەری (OSA) بۆ فێرکردن.<br>✓ دەرچووی خولی توانستی کۆمپیوتەر-زانکۆی سەڵاحەددین.<br>✓ دەرچووی خولی توانستی ئینگلیزی لە بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری زمانی زانکۆی سەلاحەددین.<br>✓ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس ساڵی (٢٠١٠-٢٠١١) لە بەشی کۆمەڵناسی-کۆلیژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین، بە پلەی زۆرباشەی بەرز- دووەم لەسەر ئاستی بەش.<br>✓ کارکردنم وەك (معيد) لە بەشی کۆمەڵناسی- کۆلێژی ئەدەبیات.<br>✓ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەساڵی (٢٠١٧) لە بەشی کۆمەلناسی- کۆلیژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>✓ میلاکم لە بەشی کۆمەڵناسی- کۆلیژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین.<br>✓ بەشداریکردن لە چەندین چالاکی زانستی.<br>✓ قوتابی دکتۆرام لە بەشی کۆمەڵناسی- کۆلیژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین |

| | |
|---|---|
| ۹. وشه سەرەکیەکان | پشکنین، پۆلێنکردن، پرۆگرامی خزمەتگوزاری کۆمەلأیەتی و تەندروستی، پرۆگرامی پێشوازی، پرۆگرامی کارکردن، پرۆگرامی فێرکردن، سیستەمی ئازادکردنی ئازادی مەرجدار، پرۆگرامی چاودێری دوایینە. |

**۱۰. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

**گرنگی بابەت:-**

**بابەتی چاکسازی تاوانباران وەکو سەرەتایەك بۆ پێناسەی ئەم زانستە و بابەتەکانی لە پشکنین، پۆلێنکردن، پرۆگرامی خزمەتگوزاری کۆمەلأیەتی و پرۆگرامی کارکردن و پرۆگرامی پەروەردەی ئایینی و ڕەوشتی بەمەبەستی نەهێشتنی ڕەفتاری تاوانکاری و مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان و ناسینی ڕێوشوێنە چارەسەرییەکانی ڕووبەڕووبونەوەی ڕەفتاری تاوانکاری و چۆنییەتی چاکسازی و راهینانی تاوانباران لە بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان کە بۆ توێژەری کۆمەلأیەتی یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی ئایندەیان..**

**پەیامی ئەم کۆرسە بریتییە لە تێگەیشتن لە پرۆسەی چاکسازی ڕاهێنانی تاوانباران لە بەندیخانەکاندا لەگەڵ ئاشنابوون بە کرداری پشکنین و پۆلێنکردنی تاوانباران، هەروەها زانینی پێداویستییەکانی کاری چاکسازی لە پرۆگرامی خزمەتگوزاری کۆمەلأیەتی و پرۆگرامی خزمەتگوزاری تەندروستی و شوێن و بینایەی دامەزراوەی چاکسازی و پرۆگرامی کارکردن و پرۆگرامی پەروەردەی ئایینی و ڕەوشتی بەندکراوان لە بەندیخانەکان و تێگەیشتن لە سیستەمە سزاییە جێگرەوەکان وەك پرۆگرامی پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە و پەیوەندی تەلەفۆنی و سیستەمی بەرێوەبردنی دامودەزگا سزاییەکان و، پێداویستییە دەرەکییەکانی کاری چاکسازی و سیستەمی ئازادکردنی ئازادی مەرجدار و پرۆگرامی چاودێری دواییینە، بە ئامانجی تێگەشتنی قوتابیان لە چۆنییەتی کارکردن لە فەرمانگە چاکسازییەکان و شێوازی چاکسازی و ڕاهێنانی تاوانباران وەکو توێژەرێکی کۆمەلأیەتی، لەسەر بنەمایەکی زانستی و هونەریدا. لە کۆتایی کۆرس قوتابی فێری ئەم زانیاریانەی لای خوارەوە دەبێت**

1) **پشکنین و جۆر و گرنگی و قۆناغەکانی.**

٢) پێناسەی پۆلینکردن و بنەمایەکانی جیاکردنەوەی تاوانباران.

٣) ئاشنابوون بە پرۆگرامی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و ڕێگاکانی لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازی تاوانباران.

٤) ئاشنابوون بە پرۆگرامی خزمەتگوزاری تەندروستی و پێویستییەکانی لە بواری خۆپاراستن و چارەسەرکردنی بەندکراوان.

٥) ئاشنابوون بە پرۆگرامەکانی چاکسازی تاوانباران لە پرۆگرامی کارکردن و پەروەردەی گشتی و ئایینی و پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە و پرۆگرامی سزا و پاداشت.

٦) زانینی تایبەتمەندییەکانی بینایەی بەندیخانە و کارکردن لە نێویدا.

٧) زانینی سیستەمی ئازادکردنی مەرجدار و پرۆسەی چاودێری کۆمەڵایەتی دواییەنە.

## ١١. ئامانجەکانی کۆرس

**ئامانجی بابەت:-**

١- تێگەیشتن لە پێداویستییە ناوەکی و دەرەکییەکانی چاکسازی تاوانباران لە بەندیخانەکاندا.

٢- ئاشنابوون بە بینایەی فەرمانگەی چاکسازی و مەرجەکانی.

٣- تێگەیشتن لە سروشتی کارکردنی فەمانبەران و مەرجەکانی.

## ١٢. ئەرکەکانی قوتابی

- پێویستە قوتابی/ خوێندکار لەکاتی وانە وتنەوەدا لەپۆلدا ئامادە بێت.
- بەشداریکردنی قوتابییان لە وانەکان (چالاکی ڕۆژانە) لە گفتوگۆی نێو هۆڵی خوێندن.
- بەشداریکردن لەتاقیکردنەوەکان.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پێشکەشکردنی سمینار.

## ١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە

✓ لەرێگەی پاوەرپۆینت بابەتەکان ئامادە دەکرێت و بەشێوی سلاید لەرێگەی داتاشۆ پێشکەش بە قوتابیەکان دەکرێت.

- ✓ پیشاندانی وێنەی جۆراوجۆر سەبارەت بە وانەکان لەڕێگەی داتاشۆ.
- ✓ لەکاتی پێویستدا زۆر جار بۆ روونکردنەوەی زیاتر تەختە بۆ نووسین بەکاردێت.
- ✓ گفتوگۆی نێوان مامۆستا و قوتابی...... هتد

١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن

- لە جاری یەکەم تاقیکردنەوەیەک لەسەر (١٥) نمرە دەکرێت.
- هەروەها لە جاری دووەم بەهەمان شێوە تاقیکردنەوەیەک لەسەر (١٥) نمرە دەکرێت.
- (١٠) نمرەکەی تر بۆ چالاکییەکانی پۆل و ئامادەبوون و ڕاپۆرت و سمینار و ئامادەنەبوونی قوتابی لە پۆلدا و بەشداریکردنیان لە محازەراتەکان بۆ گفتوگۆ و پرسیار و تێبینی دەبێت.
- (٦٠) نمرە بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرسەکە دەبێت.

کۆی گشتی دەکاتە (١٠٠) نمرە.

١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون

**ئامادەکردنی قوتابی بۆ کارکردن لە فەرمانگە چاکسازیەکان ( گەورەکان، مێردمنداڵان و ئافرەتان)ی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمایەکی زانستی و پسپۆڕی، ئەویش بەئامانجی ئامادەکردنی بەندکراو بۆ گەڕانەوە بۆ نێو کۆمەڵگا بەشێوەیەکی شیاو تەندروست وەکو هاوڵاتیەکی سوود بەخش بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگا.**

ئاشنابوونە بە چەمکە سەرەکی و لاوەکییەکانی ئەم بابەتە، دواتر لەڕێگای ڕوونکردنەوەی بۆ قوتابیان سەبارەت بە دیاردە و پێکهاتە جۆراوجۆرەکان؛ کە کاری سەرەکی توێژەرانە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکان و خستنەڕوو و شیکردنەوەی ڕاستییەکان، تاکو بتوانرێ لە ئەگەری بوونی هەر کێشەیەکدا؛ چارەسەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

## ١٦. ليستى سەرچاوە

**يەكەم:- سەرچاوە سەرەكيەكان:**

**أ- سەرچاوەى كوردى:**


١- كەوسەر احمد خالند وهيمداد مجيد على ، زانستى سزا، ٢٠٠٥ .

٢- سابير بەكر بوكانى ، تاوانبار و سزا .

٣-هيوا ياسين محمد رەوشى بەندكراوان لە دامەزراوەكانى چاكسازى و كۆمەلأيەتيدا نامەى ماستەر زانكۆى سليمانى كۆليژى زانستە مرۆڤايەتيەكان ، ٢٠١٠ .

٤-مەحەمەد مەعروف عەبدوللآ، زانستى سزا، وەرگيرانى: كاوانى ئەنوەر مەسيفى، ٢٠١٢.

**ب- سەرچاوزەى عەرەبى:**

١-د. محمد نجيب حسني ، دروس في علم الاجرام وعلم العقاب،مطبعة جامعة ،القاهرة،١٩٨٢.

٢- د. عبود السراج ، علم الأجرام وعلم العقاب،مطبعة ذات السلاسل،الكويت،١٩٨٥ .

٣-د . محمد معروف عبدالله، علم العقاب ، مطبعة الطباعة المركزية، بغداد،١٩٨٩.

٤-علي احمد جعفر ،فلسفة العقاب والتصدي للجريمة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر،بيروت، ٢٠٠٦.

٥- زانا احمد بيرداود ،معوقات العمل الأصلاحي في سجون اقليم كردستان العراق، رسالة ماجستير،جامعة صلاح الدين ،كلية الآداب ،قسم علم الاجتماع ،٢٠٠٧.

٦-عبدالجبار عريم، طرق علمية حديثة في اصلاح وتأهيل المجرمين والجانحين، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٧٥.

٧- محمد سيد فهمي، الخدمة الاجتماعية في مجال الجريمة والعقاب، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ٢٠١٢.

٨- هدى حامد قشقوش، أصول علمي الإجرام والعقاب، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠١٣.

**دووەم : سەرچاوە لاوەكيەكان:-**

١-محمد شلال العاني والمدرس علي حسن طوالية ، علم الاجرام والعقاب دار المسيرة، عمان ،١٩٩٨

<table>
<tr><td colspan="2">٢–د. عادل يحيى ، مبادئ علم العقاب ، شركة ناس للطباعة، القاهرة،٢٠٠٥<br><br>٣–د. محمد صبحي نجم ، أصول علم الأجرام والعقاب، دار الثقافة، عمان ،٢٠٠٨<br><br>٤–شرين عبدالحميد نبية ،السجون في ميزان العدالة والقانون ، منشأة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٨.</td></tr>
<tr><td>١٧. بابەتەکان</td><td>ناوی مامۆستای وانەبێژ</td></tr>
<tr><td>پێداویستییەکانی چاکسازی تاوانباران لە بەندیخانەکاندا</td><td rowspan="7">م. ي. روستم صابر مصطفى<br>وەک: ٢ کاتژمێر بۆ هەر گرووپێك (دوو گرووپن) واتە (٤) کاتژمێر</td></tr>
<tr><td>تەوەرەی یەکەم: پێداویستییە ناوەکییەکانی چاکسازی تاوانباران لە بەندیخانەکاندا</td></tr>
<tr><td>یەکەم: پرۆگرامی پێشوازی:</td></tr>
<tr><td>١- پشکنین: (پێناسە، گرنگی، جۆرەکانی پشکنین: پزیشکی بایلۆجی، عەقلی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئەزموونی، قۆناغەکانی پشکنین)</td></tr>
<tr><td>٢- پۆلێنکردن: (پێناسە، گرنگی، جۆرەکانی دابڕاندن: ڕەگەز، تەمەن، ماوەی سزای ڕابردووی تاوانبار، تەندروستی، سەرکۆنەکردن، سیستەمەکانی پشکنین و پۆلینکردن).</td></tr>
<tr><td>دووەم: پرۆگرامی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی: (پێناسە، بنەماکانی، ١- ڕێگاکانی خزمەتی تاك، پرۆسەی پێشوازی تاوانباران، یارمەتیدانیان بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی گرفتەکانیان، چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، ٢- ڕێگاکانی خزمەتی بە کۆمەڵ و ئەنجامەکانی، ٣- ڕۆڵی پیشەیی توێژەری کۆمەڵایەتی لەبواری ڕێکخستنی کۆمەڵگا لەناو بەندیخانە).</td></tr>
<tr><td>سێیەم: پرۆگرامی خزمەتگوزاری تەندروستی: (گرنگی، أ- شێوازی خۆپاراستن:<br>١- شوێن و بینایەی دامەزراوەی چاکسازی، ٢- خواردەمەنی، ٣- پاکوخاوێنی بەندکراو،</td></tr>
</table>

| | |
|---|---|
| ٤- چالاكی وەرزشی، ب- شێوازی چارەسەركرد: ١- پشكنینی بەندكراو، ٢- چارەسەری بەندكراو. ڕۆڵی پزیشك لە دامەزراوە چاكسازییەكان). | |
| چوارەم: پڕۆگرامی كاركردن: (مەبەستەكانی، گرنگی، مەرجەكانی، سیستەمەكانی). | |
| پێنجەم: پڕۆگرامی فێركردن: گرنگی، جۆرەكانی فێركردن:<br>أ/ فێركردنی گشتی، ب/ فێركردنی هونەری، شێوازەكانی فێركردن: أ- وانە وتنەوە،<br>ب- كتێبخانە، ج- ڕۆژنامە، د- چالاكی ڕۆشنبیری و ڕابواردن. | |
| شەشەم: پرۆگرامی پەروەردەی ئایینی و ڕەوشتی: (پەروەردەی ئایینی و پەروەردەی ڕەوشتی). | |
| حەوتەم: پرۆگرامی سزای تەمبێكردن و پاداشت:<br>أ/ سزای تەمبێكردن (گرنگی، مەرجەكانی)، ب/ پاداشت (گرنگی، جۆرەكانی ) | |
| هەشتەم: پرۆگرامی پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە: (گرنگی، جۆرەكانی، سەردان، پەیوەندی تەلەفۆنی، مۆڵەتی خێزانی، ئامرازەكانی ڕاگەیاندن). | |
| نۆیەم: بینایەی بەندیخانە: گرنگی، مەرجەكانی:<br>أ/ شوێنی بینایەی بەندیخانە، ب/ پێكهاتەی بینایەی بەندیخانە، ج/ قەبارەی بینایەی بەندیخانە. | |
| دەیەم: سیستەمی بەرێوەبردنی دامودەزگا سزاییەكان | |
| تەوەرەی دووەم: پێداویستییە دەرەكییەكانی كاری چاكسازی: | |
| ١/ سیستەمی ئازادكردنی ئازادی مەرجدار (پێناسە، گرنگی، مەرجەكانی). | |

| | |
|---|---|
| ٢/ پرۆگرامی چاودێری دوایینە (پێناسە، گرنگی، شێوەکانی). | |
| | |
| ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | نیە |

**١١٩. تاقیکردنەوەکان:**

**پ١/ دارشتن: مەبەست لە پشکنین چییە؟ و گرنگی لەچی دایە؟**

**و/ پێناسەی پشکنین: توێژینەوەیەکی زانستییە بۆ کەسایەتی بەندکراو لە هەموو لایەنە تاوانکاریە جیاوازەکانی بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێك زانیاری کە ڕێگا دەدات بەجێبەجێکردنی سزای زەوتکردنی ئازادی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، واتا پشکنین ڕێگە خۆشکەرە بۆ دەستنیشانکردنی پرۆگرامی چاکسازی کە ئامانجەکەی لابردنی مەترسی بەندکراوە لەسەر کۆمەڵگا و، هەروەها گەشەکردن بەتواناکانی ڕاهێنانی و ئامادەکردنی بۆ گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگا.**

**پشکنین دەستنیشانی ڕادەی شیاوی بەندکراو دەکات بۆ ئازادکردنی مەجدار، جگە لە ئاشکراکردنی کێشە و گرفتەکانی بەندکراو و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان و، چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی مەرجێکە بۆ جێگیری بەندکراو و وەڵامدانەوەی بۆ پرۆگرامەکانی چاکسازی، بۆئەوەی پشکنین ئامانجەکانی خۆی جێبەجێ بکات دەبێت ئاراستەی کەسایەتی بەندکراو بکرێت و لەبەرئەوەی فاکتەرەکانی تاوان ڕەنگە ناوەکی بن، جا پێویست دەکات پشکنینی پزیشکی بۆ بەندکراو بکرێت، ڕەنگە فاکتەرەکانی دەرەکی بن جا ئەمەش پێویست دەکات توێژینەوە بۆ لایەنە کۆمەڵایەتییە کەسایەتیەکەی بکرێت، پێویستی چاکسازی وا دەخوازێت بەردەوام بێت بۆ پشکنینی ئەزموونی کە فەرمانبەرە کارگێرییەکان جێبەجێی دەکەن.**

**پ٢/ باسی قۆناغەکانی کارکردنی بەندکراوان لە بەندیخانەکاندا بکە؟**

**قۆناغی یەکەم/ئازاردان: لە سەرەتای پەیدابوونی سیستەمی کارکردن مەبەست لەسەپاندنی بەسەر تاوانبار ئازار و ئەشکەنجەدانی بووە. لەسەدەی حەڤدەهەمدا ئاماژەیان بەوە دەکرد کەدەبێ کارکردن توندووتیژ و ڕیسواکار بێت بۆ بەندکراو، هەر بۆیە جۆرێك لەسزادان بەناوی ئیشی زەحمەت (اعمال شاقە) دەرکەوت، ئەویش بریتییە لەناچارکردنی بەندکراو بە جۆرە ئیشێکی زەحمەت. شایەنی باسە هەتا ئەمرۆش لە هەندێك لە یاساکانی وڵاتانی جیهاندا کارکردن بەسزای ناوبراو دەکرێت لەمانە یاسای سزادانی میسری و سوری، بنەماکانی لایەنی کەمی مافەکانی بەندکراو ماددەی (١/٧١) هەموو جۆرە ئازاردانێك بەدوور دەخاتەوە لەنێو بەندیخانەکان.**

**قۆناغی دووەم/ئابووری: کاتێك بینرا کارکردنی بەندکراو وەکو سزایەك بەرهەمێکی هەیە، دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێ بۆ داپۆشینی پێداویستیەکانی ناو بەندیخانە، پرەنسیپی (پشت بەستن بەخۆ)دەرکەوت بێ ئەوەی گوێ بدرێت بە توانای بەندکراو بۆ ئەنجامدانی ئیش و ئارەزوو و ویستی و گونجانی لەگەڵ جۆری ئیشەکەدا، هەرچەندە**

بەدەستهێنانی بەرهەم لە کارکردن لەنێو بەندیخانە یارمەتی لایەنی ئابووری دەدات، بەلاّم ئامانجێکی سەرەکی نیە لە پرۆسەی سزای نوێدا، هەروەك بنەمایەکانی لایەنی کەمی مافەکانی بەندکراو ئاماژەی پێکردووە لە بەندی(٧٢)ی برگەی (٢). هەرووەها لەکۆنگرەی لاهای ساڵی ١٩٥٠ بۆ قەلآچۆکردنی تاوان و مامەڵەکردنی تاوانباران ئەمەی ڕاسپاردووە.

**قۆناغی سێیەم/ چاکسازی و ڕاهێنانەوە:** پاش ئەوەی مەبەست لە سزا بریتی بوو لە چاکسازی و ڕاهێنان، کارکردن بوو بە بەشێك لەم ڕاهێنان وچاکسازییە، چونکە لەلایەکەوە دەبێتە هۆی پەیداکردنی گیانی هاریکاری لە نێوان بەندکراوان و ئەندامانی کارگێری دامودەزگاکە، لەلایەکیترەوە دەبێتە هۆی پەیدابوون و گەشەسەندنی توانست و بەهرە و متمانە بەخۆکردن، هەروەك دەبێتە هۆی چاندنی گیانی کارکردن و ڕاهاتن لەسەری، ئەمەش دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی لە تاوان و بەرە و ژیانی ئاسایی دەیبات بێ ئەوەی مەترسی هەبێت لەسەر کۆمەڵگە، هەتا دوای دەرچوونی لە بەندیخانە سوودمەندە بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەی مەبەست لە کارکردن لەکاتی ئێستادا بریتییە لە چاکسازی و ڕاهێنانەوە؛ تاوانبار گەلێ سودی تریش لە سیستەمی کارکردن لەنێو بەندیخانەکان دێتەدی، کە بریتییە لە بەشداریکردن لە ئابووری نێو بەندیخانە و پاراستنی سیستەمی نێودا، لەبەرئەوەی کارکردن بە مافێك دادەنرێت لە مافەکامی بەندکراو.

■ **ڕاست وچەوت::**

**پ٣/ أ- سیستەمی ئازادرکردنی مەرجدار بی هیج مەرجیك هەموو بەندکراوان دەگریتەوە.**

**ب- پۆلینرکردن تەنها لەسەر بنەمای تەمەن و رەگەز لە بەندیخانەکان ئەنجام دەدریت.**

پ٤/ بژاردەی زۆر: **چ پرۆگرامیك بە پیداویستییە دەرەکییەکانی کاری چاکسازی هەژماردەکریت؟**

**(پرۆگرامی فیرکردن)، (پرۆگرامی چاودیری دواییە)، (پرۆگرامی کارکردن)، (پرۆگرامی پەروەردەی ئاییی).**

**٢٠. تێبینی تر**

**لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبینی وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی. بوونی کۆرس بووک، هاندەرێکی زۆرباشە بۆ بەرچاوڕوونی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابی و مامۆستا و وانەکان، هەروەها دەبێتە دیاربوونی سەرەتا و کۆتایی پلانی مامۆستا.**

**٢١. پێداچوونەوەی**